www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-7-2006 0:13

# مامەڵەی سەرکردایەتی کوردو ئیسرائیل لەنێوان جەلعاد شلیتی سەربازی دیل و 18 کچی ئەنفالی گەرمیان. قادر نادر

2006/06/30




زۆربە مان گوێبیست وبینیمان کە بە هۆی بارمتە گرتنی تیرۆریستانی ئیسلامی لە عێراقدا لە بەرامبەر ڕۆژنامە نوسان و هاوڵاتیە بیانیەکان. وڵاتەکانیان چۆن هە موو هە وڵە دیبلۆماسی و سیاسیەکانی خۆیان گرتە بەر بۆ ئازاد بونیان. وەک فەڕەنسا بۆ ڕزگار بونی 2 ڕۆژنامە نوسەکەی، ئیتالیا بۆ ژنە ڕۆژنامە نوسەکەی، ... تاکار گەیشتە ئەوەی سە رۆکی فلیپین هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا توشی قەیران کرد، کاتیک ملی بۆ داخوازیەکانی تیرۆریستانداو سوپاکەی کێشایەوە لە عێراق لە پێناوی ڕزگار بونی کۆمەڵێک کرێکاری فلیپینی کە دەست بە سەر کرابون لە لایەن هە ندێ گروپی تیرۆریستەوە.

بە خۆشمان دیمان چۆن کە مالی سەید قادر بە هۆی بونی ڕە گەزنامەی نەمساوی، کاتێک لە لایەن ئاسایش و دادگا لە هەولێرەوە سەرەتا بێسەروشوێن کرا و دواتر 30 سال زیندانی کرا، وڵاتی نەمسا تا ئازادی نەکرد کارو چالاکیە دیبلۆماسیەکانی نەوەستاند.

ئە مە باس لە سویدیش ناکرێت کە لوتکەی وڵاتی ڕێزگرتنە لە تاکەکانی خۆی. کە دەیان نمونەی لەم بارەوە هەیە، بۆ نمونە مە هدی غەزالی کە لەگەرمەی شەڕی ئەمە ریکا لەگەڵ تالیبان و قاعیدە، لە سەرسنورەکان گیر ا، ئە گەرچی لە ڕە چەڵەکدا پە ناهە ندە بوو بەڵام بە هۆی ئەوەی خاوەنی ڕەگەزنامەی سویدی بوو، حکومەتی سویدی هەموو توانا دیبلۆماسیەکانی خۆی لە وەزارەتی دەرەوەی خستە گە ڕ بۆ ئازادبونی، بیرمە ئانالیندی خوالێخۆشبوو جارێکیان لە ڕۆژنامەیەک وتی ئەو ئەمەریکیانە زۆر سەیرن بۆ چ ئەو هاوڵاتیەمان بۆ ئازاد ناکەن وە ڕەخنە ی لە ئەمەریکا گرت؟، سەرەنجام یۆران پێرشون سەرۆک وەزیرانی سوید لەکۆبونەوەیەکی جیهانیدا داوای لەبۆش کرد دەبێت ئەو هاوڵاتیەمان بۆ ئازاد بکەن. ئەوەبوو غەزالی لە زیندانەکانی گوانتانامۆ گەڕایەوە نێو کەس وکاری لە وڵاتی سویدا.

ڕەنگ بێت زۆربەشتان ئاگاداری ئەوە بوون کاتێک هاوڵاتیەکی عێراقی مەسیحی تیرۆریستە ئیسلامیەکان وەک بارمتە گرتبویان داوای پارەیەکی زۆریان لە سوید کرد بۆ ئازادبونی، وڵاتی سوید زۆر بە خێرا داخوازیەکەی بۆ جێبە جێکردن. ئە مە باس لەوەش ناکەم کە وەک یاسا هەیە هەر تاکێکی سویدی ڕوبە ڕوی هە ر کێشەیەک بۆوە لە دەرەوەی وڵاتەکەی مەرجە حکومەت هە موو توانا ئابوری و سیاسیەکانی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی.

ئەگەر سەیرێکی ڕۆژهەلاتی ناوە ڕاستیش بکەین، بینیمان دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە چۆن بۆ ئازادبونی 600 کوێتی بێسەروشوێن کردیان بە بەندێک لە بەندەکانی مەرج بەسەر عێراقدا. وە ئە گەرچی ئێستا ڕژێمی بە عسیش ڕوخاوە، کە چی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی نوێ ی عێراق گەرم و گوور نیە و یەکێک لەم وڵاتانەشە کەئامادە نین لە ورێژەیەی زۆربەی وڵاتان بڕیاڕیان داوە لە قەرزەکانی خۆیان لە عێراق خۆشبن؟؟.

نمونەیەکی تر وڵاتی ئیسرائیلە، کە موسلمانی هەموو جیهان دژایە تیان دەکەن، کە چی تاکی خۆیان لە وڵاتێک لا گرنگترە!!؟؟ بۆ نمونە بۆ هێنانەوەی ئێسکو پروسکی 2 ئەفسەریا ن بە400 دیلی فەڵەستینی و لوبنان لەگەڵ حزبولا گۆڕیەوە؟ کە چی سەرکردایەتی کورد نەتەوەیەک لە ئێسک و پروسکی لەخواروی عێراقە کەس بیریشیان لێ ناکاتەوە؟؟ ئەگەرچی پارتی 512 روفاتی بارزانیەکانی هێناوە کە بە هەر پێوانەیەک بێت کارێکی باشە، بەلام سەلماندیشی کە لە هێنانەوەی ئێسک وپروسکەکانیش جیاوازی دەکات؟ ئەگە رنا پارتی و یەکێتی باش دەزانن بە هەزاران ئێسک و پروسکی ژن و منداڵی کورد وا لە نوگرە سەلمان، عە دەن، غانش.. لە خواروی عێراقە

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا جولانەوەی حەماس لەتۆلەی دەستدرێژیەکانی ئیسرائیلدا 2 سەربازی کوشت، جەلعاد شلیتیش وەک سەربازی سێیەم بە دیل گرت. ئەمە ش وای کردوە ئیسرائیل هە موو هێزو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئازاد بونی. وا بە چاوی خۆشمان دەبینین چۆن لە تۆڵەی ئەو دیلەی تارۆژی ئیمرۆ بەدەیان وەزیرو بەرپرسی فەلەستینی گرتوە (1) .... ئەگەرچی ئەو مامەڵەیەی ئیسرائیل لەپێناوی ڕزگارکردنی یەک سەربازی نەتەویک ئازاردەدات کارێکی نادادپەروەرانەیە. بەڵام ئەوەش دەردەخات کاتاکی خۆی چەندە لا گرنگە.

کەچی ئێمە نەتەوەیەکمان ئەنفالکراوە و وە زۆر لە ژنانی کورد فرۆشراون بە ولاتی عەرەبی، کە دوکۆمێنت هە یە لەم بارەوە، وەک ئەو دوکۆمێنتەی باس لەفرۆشتنی 18 کچی کورد دەکات بۆ وڵاتی میسڕ ئەمە جگە لەم ئاخافتنەی د زەکیە دەیکات کە دە ڵێت بە خۆم چەندین بە لگە نامەی دیوە لەسەر فرۆشتنی ژنی کورد بۆ وڵاتانی خەلیج. (2) کە چی تا ئێستا یەک بەرپرسی کورد تاکە ئاخافتنێکی لەسەریان نەکردوە و هەوڵیشیان نەداوە بۆ ئازادکردنیان و گەڕانەوەیان بۆخاکی نیشتمان دا.

لە ساڵیادی هە ڵە بجەدا ڕێکخراوی چاک لە هۆڵەندایادی کردەوە ژنێکی ئیسرائیلی بە ڕێکەوت ئامادە ببو کاتێک دیمەنی هەندێ کوردی بینیبو وا پێ دەکەنن زۆر تورە ببوو. دە ڵێم ئەگەر بزانێ مام جەلال بە هەمو ئەوانەی شکایەتیان لە خەزرەجی کرد وتی پیاوی بەعسن و ئێستاش بە قوربانیانی ئەنفال، تاوانبارێکی وە ک وە فیق سامڕائی کردۆتە ڕاوێژکاری وپارتیش برای تە حسین شاوێسی ئەنفالچی کردۆتە نوێنەری کەرکوکیەکان بۆ مادەی 140 دەبێت ئەم چیرۆکانە بزانێت لە داخان خۆی نەکوژێت.

لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێم ئێمە ئەم سەرکردانەمان هەیە میللەتانیش سەرکردەی ئاوای هەیە؟

http://www. rezgar. com/menu/show. asp?code=arabic&urlpage=39 /1

2/ د زەکیە لە چاوپیکەوتنی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە244 بەرواری 06/6/3 ئەمە بەدەر لەو پەیوەندیانەی لە 3 مانگی ڕابردودا لەگەڵ چاکدا باس لەوە دەکات کە نزیک بە 775 ژنی کورد فرۆشراون بە ولاتی عەرەب 215 منالێش دراونەتە یەکێتی ئافرەتانی عێراق تا گەورەیان بکەن و بیان کەن بە جەلاد.